# هیچ کوردێك خوازیار نیە بەوەی کە ئەو کارەساتەی تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان) بێتە هۆی لێکترازانی ماڵی کورد.؟



**ئێمەی رۆژنامەوان دەبوایە لە کەرکوك بۆ پرسی چارەنووس سازتر رێپێوا نمان بکردایە، بەلاّم تیرۆرە ناوخۆییەکان ناچاریان کردین بێینە سەرشەقام و دەنگ هەڵبڕین دژی هەموو کارێکی تیرۆریستیەوە، بە تایبەت تیرۆری رۆژنامەنووسان، هاتینە سەرشەقام و گووتمان ئەگەر تیرۆر لە عێراق و ناوچە عەرەبیەکان ئاسایی بێت ئەوا لای ئێمەی کورد تیرۆر بەهیچ شێوەیەك جێی نابێتەوە هەر بۆیە تیرۆرکردنی تەنها تاکێکی ئەو کۆمەڵگایەی ئێمە دونیای هەژاند، ئەمەش بووە هۆی کە لە پێنجی ئایاری 2010 سەرجەم رۆژنامەوانان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و گروپ و لایەنە سیاسیەکان لە شاری کەرکوك بێنە سەرشەقام بۆ پرۆتستۆکردنی ئەم کارە قێزەونە، ئێمەش لەوێ لەبەردەم قەلاّی کەرکوك بەشداربووین و بە پێویستمان زانی بەدواداچوونێك بۆ ئەو پرسە بکەین لەنێو رۆشنبیرانی ئەوشارە، بەدواداچوونەکەمان لەژێر ئەو مانشێتەی سەرەوەبوو:**

**ئا/ شێرزاد عومەر مە حمود /** s4632628@gmail.com **فۆتۆ/ سەروەت محەمەد رەحمان**

**لە دەستپێکدا رووی پرسیارمان کردە بەرێز/ شێخ سەدیق نووسەر و رۆژنامەنووس و گوتەبێژی رێپێوانەکە و بەرێزیان گووتی:**



دەسەلاّتی کوردی دەسەلاّتێکی خۆماڵی خۆمانە, ئێمە لە خەم خۆریمان بۆ دەسەلاّتی کوردی و دەمانەوێت دەسەلاّتی کوردی یەکێك بێت لەو دەسەلاّتە جوانانەی کە ئێمە ئەمانەوێت یان خەڵك بیستویەتی لە رابردودا, ئێمە دژ بە دەسەلاّتی کوردی نین و ناشکرێت ئێمە دژ بە دەسەلاّتی کوردی بین, دەسەلاّتی کوردی ئێمە میللەتی ئێمە خەڵکی ئێمە قوربانی لە پێناو داوە و تێکۆشانی کردوە و شەهیدی داوە لە پێناو ئەوەی هەیە دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت ئەمرۆ ئێستا دەبینین دوژمنانی میللەتی ئێمە لە چواردەوری ولاّتی ئێمە ئالاّون، دەوڵەتێکی وەکو ئێران وەکو سوریا وەکو تورکیا و بەعسیەکانیش ئەمڕۆ هەموویان ئەتوانم بڵێم کۆکن لە پێناو ئەوەی دەسەلاّتی ئێمە جوان نەکەن, ئەی ئێمە ئەمانەوێت ئەو دەسەلاّتەی ئێمە پەراوێز نەکرێت، ئەو دەسەلاّتەی ئێمە دەسەلاّتێك بێت پڕبێت لە دیموکراسی، پڕ بێت لە ئازادی رۆژنامەگەری و پڕ بێت لەمافی مرۆڤ، ئەمە داخوازیەکانی دەسەلاّتی کوردی و بە دەسەلاّتی خۆشمانی ئەزانین بە حکومەتی خۆشمانی ئەزانین.

*** سەرەتا ئاماژەت بەوە کرد ئێمە دژ بەو کەسانەین کە لایەنێك و گروپێك تاوانبار دەکەن تۆ چ بەوکەسانە دەڵێیت کە لایەنێکی سیاسی یان گروپێك بن.؟**

- وەڵاهی نابێت ئەو مەسەلەیە بگوازرێتەوە بۆ مەسەلەیەکی سیاسی واتا ناکرێت تۆ کەس تاوانبار بکەیت و ناکرێت حزبێکی سیاسی بێت ئەم مەسەلەیە بقۆزێتەوە بۆ خۆی بێت و لە پشت ئەم قەزیانەوە بێت, ئەوەی کە ئێستا لێرەیە رەنگە هەریەکە ئینتیمایەکی سیاسی حزبی هەیە، کە ئێمە کە ئێستا لێرەین ناتوانین بێینە ئێرە و لەم گردبونەوەیە بەشدار بین، چونکە پیشەکەی ئێمە رۆژنامەنوسیەوە هەر پیشەکەشەم ئێمەی لێرە کۆکردۆتەوە قەبوڵیش ناکەم هیچ کەسێك بێت بەناوی حزبەوە دەستەمۆی من بکات بۆ مەبەستەکانی خۆی، دەبێت هەموو رۆژنامەنوسانیش وابیر بکەنەوە و ئەم جۆرە داواکاریانە داوایەکی هێمنانە بن داوایەك بن حەزاری بن و بۆ دۆزینەوەی ئەو تاوانبارانەی کە کاکە (سەردەشت عوسمان) شەهید دەکەن، چونکە ئەگەر ئێمە درێژەی ئەم مەسەلەیە هەبێت درێژەکان ئایندەی ئێمە خراپ دەکات، کۆمەڵگاکەی ئێمە ناشیرین دەکات, کۆمەڵگاکەی ئێمە بە ئاڕاستەی ناجوان دەبات, ئێمە لە خەم خۆریمان بۆ دەسەڵاتی خۆمان و قبوڵیش ناکەین هیچ کەسێك لە پەنای ئێمەوە دژ بە دەسەڵاتی کوردی شت بکات، بیەوێ ئاڕاستەی ئێمە بگۆرێت بۆ تێکدانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان, ئەمانە قبوڵ نین کە ئێستا ئێمە لێرە وەستاوین, ئەمانە ئەچنە خانەی خراپ کردنی روئیای وڵاتی ئێمە ناکرێت وڵاتی خۆمان ناشیرین بکەین، دەبێت رەخنە لە یەکتر بگرین رەخنە لە دەسەڵاتی خۆمان بگرین و بە دەسەڵات بڵێین ئەمە جوانە ئەمە ناشیرینە و بەم ئاڕاستەیە قسان بکەین، نەوەك ئێمە بێین سەنگەر بگرین لە دەوڵەتەکەی خۆمان لە دەسەڵاتی خۆمان, ئەمە دەبێت داوای ئێمە بێت نەوەك بێیت حزبێکی سیاسی تاوانبار بکەین یان کەسێك تاوانبار بکەیت (سەدام حوسێن) و تاوانبارەکانی تر لە ناو قەفەسی تاوانا بوون بەرامبەر بە ئەنفال بەرامبەر بە کیمیاباران, بەڵام هێشتا حاکم تائیسپاتی نەکرد لەسەر نەیووت ئەمە بڕیاری مەحکەمەی لەسەر بدا تۆ چۆن دەتوانیت بێیت خەڵکێك تاوانبار بکەیت و بڵێیت ئەمە تاوانبارە بەبێ ئەوەی کە هیچ لێژنەیەکی تەحقیق کرابێت.

**مامۆستا ئازاد رەشید" ئەندامی دەستەی کارگێڕی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان:**



ئەمرۆ ئێمە لەمرۆدا کۆبووینەتەوە بۆ ئیدانەکردنی شەهید کردنی قوتابی و رۆژنامەنووس کاکە (سەردەشت عوسمان) بێگومان شاری کەرکوك پێویستە بێتە وەڵام بۆ هەر مەسەلەیەکی لەم شێوەیە, هەروەها ئەمرۆ ئێمە تەنها بۆ ئەوە ئامادە نەبووینە بەڵکو بۆ هەموو ئەو لە سێدارەدانانەی رژێمی کۆنەپەرستی (ئێران) دەربارەی گەنجانی گەلی کوردمان رۆژانە بەرێی دەخات و دواجار بە شێوەی کۆمەڵ لە سێدارەیان دەدات, دواجار ئەو پێنج مرۆڤەی کە چواریان کورد بوون هەموویان شۆڕشگێر بوون، هەموویان ئازادیخوازبوون، لەبەر ئەوە کۆبووینەتەوە، هەروەها ئێمە وەکو پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، هەموو کاتێك هەوڵمان داوە کە ئەم کەیسانە بەشێوەیەکی یاساییانە و بەشێوەیەك بگرێتە دەست کە نەبێتە وەرەقە و نەبێتە کارت بۆ هیچ لایەنێکی سیاسی کە بۆ مەبەست و مەرامی خۆی و بەرژەوەندی تەسکی حزبی بەکاری بێنن, بێگومان ئەمرۆش لە رۆژێکی وا داین کە هەڵناگرێت کە لایەنە سیاسیەکانی کورد لە ناو یەکدا بکەونە یەك کە دژی یەك ئاڵۆزی دروست بکەن و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی یەکێتی نەتەوەیی کوردی هەر هیچ نەبێت لە باشوری کوردستان بەرەو ئاقارێکی تەسك بیبات و بەرەو ئەوەی ببات

که ئەم یەکێتیە دروست نەبێتەوە, بێگومان ئەمڕۆ تاکە ڕێگەیەك و تاکە چارەسەریەك بۆ ئەوەی دۆزی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان پارچە پارچە سەربەخۆو بە جیاش چارەسەر بێت، ئەوەیە کە هێزە کوردیەکان لە ناویەکدا بە ڕێکەوتنێکی گەورە بچنە لای یەك و بێنە لای یەك، نەوەك هەر شتێك وەکو کارت یان هەر مە سەلەك رووبدات و وەکو تاك بگرێتە دەست و بکرێتە شتێکی سیاسی، بۆیە ئەمرۆ ئەگەر ئەو شەرە راگەیاندنەی لەو رۆژانەدا لە نێوان گۆران و پارتی دروست بوو، بێگومان لە ئەنجاما ئەوەی زەرەرمەند دەبێت گەلی کورد و یەکێتی نەتەویی کورد دەبێت، چونکە وەکو گووتم ئەمرۆ لە دۆخێکی واداین ئەمرۆ دوژمنانی گەلی کورد لە هەرچوار لاوە لە ڕێکەوتنن ئەوەتا ئێران تورکیا لە ڕێکوتنندان بە جیا ئەوەتا لیستی عێراقیە و دەوڵەتی یاسا لە ڕێکەوتندان، بێگومان هەر ڕێکەوتنێکی ئەوان بەرتەسك کردنەوەی داخوازیەکان و ئازادیەکانی گەلی کوردە، بۆیە ئێمە لە هەر کێشەیەکی بەو شێوەیە ئەمانەوێت ئەو ڕێگە چارەسەریانە بدۆزینەوە کە نەبێتە هۆی ئەوەی ریزەکانی یەکێتی نەتەوەیی لاواز بێت

**ئازاد مەجید ئەندامی حزبی کۆمەنستی کرێکارانی کوردستان.**

لەسەر ئەم تەوەرەیە پێم خۆش بوو بەووردتر قسە بکەین, مەسەلەکە باسی لێکترازانی ماڵی کورد نیە, راستی من



ئەوەی دەبینم ئێستاکە دەکرێتە شەری گۆران و پارتی و ئەوان تاوان بار دەکەن، ئەمە لە راستیدا چەواشە کردنی رای خەڵکە لە راستیدا کوشتنی (زەردەشت عوسمان) لە چوار چێوەی ئازادیدا سەیری دەکەین، شەری گۆران و پارتی شەرێکی ترە دەیانەوێت پەردە بەسەر ئەو خەباتە و نارەزایی خەڵکی کە ئێستا لە پێناو ئازادیدا هاتۆتە مەیدان و بەرتەسکردنەوەی لە نێوان ململانێی دوو حزبدا.

**تەنیا محمد ئەمین چالاکوان لە بواری ڕێکخراوی مەدەنی.**



ـ حەتمەن تیرۆرکردنی گەنجێك نابێتە لێکترازانی یاخود شێواندنی نێوماڵی کورد، بەڵام ئەوەی ئێمە وەکو داواکاری و داوامان ئەوەیە کە تاوانباران بە زوترین کات دەستنیشان بکرێن، بۆ ئەوەی ئەمە نەبێت بە حاڵەتێك دوای ئەوە ببێت بە دیاریدەیەك هەرەشە بێت بەسەر هەموو کۆمەڵگای کوردیدا، کە ئێمە قسە لەسەر توندوتۆڵکردنی نێوماڵی کوردی دەکەین دەبێت ئەمن و ئاسایش بەرقەرار بکەین ئەبێت دەزگا ئەمنیەکانی دەسەڵات کاری جدی بکەن، بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بتوانێت ژیانی خۆی بە ئەمان و بە ئاسایش بباتە سەر چونکە یەکێك لە پێویستیەکانی هەموو ئینسانێك کە ئێمە لە هەرەمی پێویستیەکانی مرۆڤەوە دەست پێبکەین بریتیە لە ئەمن و ئاسایش, کە ئەمن و ئاسایش بەرقەرار نەبوو هەڵبەت ئەو کۆمەڵگایە بەرەو لێکترازان و بەرەو شێواند دەچێت، بۆیە داواکارین بۆ ئەوەی سنورێك دابنرێت بۆ شێواندنی ماڵی کورد دابنێین جارێکی تر کاری جدی بکرێت بۆ ئەوەی تیرۆر نەمێنێت وەکو فکر وەکو فعل لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا بۆ ئەوەی ماڵی کوردی بە ماڵێکی منەزەم و ماڵێکی رێکوپێك بمێنێتەوەو بتوانین ئەمە هەنگاوێك بێت زیاتر هەوڵی پێشکەوتنی ئەو ماڵە بدەین و بەراستی جارێکی تر تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە کوشتنی (سەردەشت عوسمان) یاخود ئەنجامدانی سازدانی ئەم جۆرە چالاکیانە مەبەست لەیەکترازانی ماڵی کوردی نیە مەبەست تاوانبار کردنی هیچ لایەنێك نیە ئەوەندەی مەبەست ئەوەیە تیرۆر لە ناو کۆکەڵگای خۆماندا بنبڕ بکەین.


ئازادی ڕادەربڕین
سەروەری و سەرکەوتن بۆ ڕۆژنامەنووسان
شەرمەزاری و مردن بۆ تیرۆرستان.